# فینۆمینۆلۆژی شیعری کوردی

## (دەلاقەیەکی دیاردەناسانە بۆ سەر شیعری سێ شاعیری نوێخواز: گۆران، سوارە و عەبدوڵڵا گولابی)

شاهۆ حوسێنی
(ئەڵمانیا)

بێگومان بەشی هەرە زۆری ئەو دەقانەی لەمەڕ شرۆڤە و ڕەخنەی شیعری کوردی نووسراون، یان شرۆڤە و ڕەخنەی پێکهاتەخوازانە بوون، بە پێداگری لەسەر زمان بە مەبەستی دەرخستنی ئەو پێوەندییە دەروونییەی کە لەڕێی ئەو، ماناکان دەردەکەون (هەرچەندە زۆر کەمتر کەڵک لە ڕەوشتناسی شرۆڤەی دیسکۆرسی فووکۆ، یان شرۆڤەی ڕەخنەگرانەی دیسکۆرسی فرکلاف وەرگیراون)، واتە حەول دەدرێت لەڕێی شرۆڤەی پێکهاتەی شیعری شاعیران، ماناگەلێکی جیاواز و پێکهاتەگەلێکی مانایی لەشیعردا دەربخرێت، بە کورتی زۆرتر حەول دراوە لە دەلاقەی پێکهاتەخوازیدا بە دەرخستنی ئەو کەرەستە زمانی و وێنایانەی کە وەک مۆسیقای دەروونی و دەرەوە، هەست و عاتیفە، شێوەی گێڕانەوە، دژوازەییەکان، نەزمی دەروونی و ئەو تەناسوبانەی کەڵکیان لێوەرگیراوە مانای شیعر دەربخرێت، یان ئەوە کە شرۆڤە و ڕەخنەی جوانیناسانە بوون، واتە حەول دراوە لەڕێی تیشک خستن و پێداگری کردن لە سیماکانی وێنا، خەیاڵی شاعیرانە و زمان لە شیعری شاعیراندا، توانایی داهێنان و نوێکاری لە سیمای خەیاڵ و زمان، جوانییەکانی شیعری شاعیران دەربخرێت.

پرسیارگەلێکی گرینگ کە لەم ناوەدا دێنە ئاراوە بریتین لە: وێنا و خەیاڵ، یان ئیماژ لە شیعری شاعیراندا چ دەور و نەخشێک دەگێڕن؟ دەرخەر و ڕاگەیەنەری چ دیاردەیەکن؟ چ دیاردەیەک لە ئیماژ و خەیاڵدا شاعیر دەگەیەنێتە ترۆپک؟

دەور و نەخشی ئیماژ لە شیعردا بنەڕەتییە، ڕاستییەکەی چوارچێوەیەکە کە لەودا ڕەوتی زەینی مرۆڤ و ئەزموونەکانی مرۆڤ وەک لێکەوتەی پێوەندی مرۆڤ دەگەڵ ژینگە دەردەکەون، بە هەر ڕێژەیەک ئەو ئیماژانە (چوارچێوەیانە) لۆکاڵیتر بن، پێوەندی زیاتریان دەگەڵ ژینگە و سروشتی ژیانی شاعیر هەبێت و زایەڵەی ژینگەی کۆمەڵایەتی شاعیر بێت، ئەوە شاعیر

زیاتر لە سۆبژەیەک، خوڵقێنەرێکی سەربەخۆ و بکەرێکی ناسکار نزیک دەبێتەوە. شاعیر لە شیعرەکانیدا زیاتر ئێستایی و ئێرەیی دەبێت، واتە شاعیر ڕەسەنتر دەبێتە منداڵی سەردەم و ژینگەی ژیانی.

ئەوەی کە بەداخەوە ڕەنگە تا هەنووکەش تیشکی نەخرابێتە سەر، یان زۆر بە دەگمەن باسی لێوەکرابێت، پێوەندی ژینگە لەگەڵ ئاگایی و فامی شاعیرە، واتە کارتێکەرییەکانی ژینگەی سروشتی و ژینگەی ژیانی شاعیر لەسەر فام، تێگەیشتوویی شاعیر و ڕەنگدانەوەی ئەم ژینگەیە لە شیعری شاعیردایە، واتە ئەزموونی زەینی شاعیر بەرهەمی پێوەندی ئۆرگانیکی شاعیر لەگەڵ ژینگەی ژیانی بێت، بەڕوونی شاعیر لەکوێی زمان، زەمان و بوونی کۆمەڵگەدایە، بە کورتی تیشک خستنە سەر ئەم دیاردەیە کە شاعیر لە فام و تێگەیشتندا چەنێ منداڵی ئێستا و ئێرەیە، واتە جۆری پێوەندی شاعیر لەگەڵ دەرکەوتەکانی ژینگەی ژیانی ڕواڵەتی و زەینی لەلایەک و لەلایەکیتر جۆری ڕەنگدانەوەی ئەم ژینگەیە لە شیعری شاعیردا.

دەشێ بگوترێ لە دەلاقەی فینۆمینۆلۆژیڕا وێنای شیعری و زمان وەک ئامێری خوڵقاندنی وێنا و بەستێنی تێدا خوڵقانی وێنا زایەڵەی ئەزموونەکانی شاعیر، تەنگژەی ژیانی زەینی و ڕواڵەتی شاعیر و گوشارەکانی زەینی شاعیرە لە پێوەندی ڕاستەوخۆ لەگەڵ ژینگە و سروشتی ژیانی کۆمەڵایەتی، کولتووری، جوگرافیایی و سیاسی. شاعیر لەڕێی وێنای شیعری ژیان و بوون، بەم تەنگژانە و کەڵکەڵانە دەبەخشێت، کەواتە وێنای شیعری لە شیعری شاعیردا، دەرکەوتنی ئاگایی، ئەزموونی زەینی و فامی شاعیرە، هەر بۆیەش بۆ تێگەیشتن



**گۆران**

لە وێناکانی شیعری هەر شاعیرێک وەک بەردەنگی هەستی، پێویستە لە چوارچێوەی فینۆمینۆلۆژیدا ئەزموون بکەین. بەکورتی فینۆمینۆلۆژی شیعر بانگەشەیەکە بۆ گەڕانەوە بۆ ئەزموونی ژیانی زەینی و دەروونی شاعیر و شێوازی دەرکەوتنی ئەو لە شیعردا. دیارە گرینگترین کەرەستەی نەخشاندنی سروشت و ژینگە لە شیعردا زمانە، ئەرکی زمان لە شیعردا دەرخستنی خواستێکی واقعییە کە ناشێ بگوترێ. زمان سروشت و ژینگە لەناو شیعردا وەک بەستێن دەڕوێنێتەوە، لێرەشدا کارکرد و دەوری ژینگە هەر ئۆبژێکتیڤە و بەستێنی دەرکەوتنی شاعیر وەک سۆبژەیە.

## دەلاقەیەک بەرەو فینۆمینۆلۆژی

لەوەدەچێت کە چەمکی فینۆمینۆلۆژی بۆ لامبێرت بگەڕێتەوە وەک ئاماژە بۆ ڕوانگەی ڕواڵەتی ئەو، بە باوەڕی لامبێرت پێویستە لەڕێی ڕواڵەت و ئۆبژەکانەوە دزەبکرێتە ناو دەروون، ناوەرۆکی شاراوەی ژێرین و شوناس دەربخرێت. لامبێرت لەسەر ئەم باوەڕە بوو کە ڕواڵەت،

ژینگـەی سروشـتی و ئۆبـژەکان کەرەسـتەیەکن کـە لەڕێـی ئەوانـەوە مانـا حەقیقییـەکان دەردەخرێـن. مێژوویيتـر ئاماژەیەکـە بـە کانت کە لەڕوانگـەی ئەودا دەرکەوتەکان (فینۆمینـۆکان) ئـەو جۆرەن کە لەزەمان و مەکانـدا بـۆ ئێمـە دەردەکـەون، بەپێچەوانـەی ئـەو جـۆرەی لەخـۆدا، یـان لـە هەسـتیدا هـەن، هەروەهـا لـە ئەندێشـەی هێـگڵدا فینۆمینۆلـۆژی ڕوح ئامـاژە بـە ڕەوتێکـە کـە لـەودا ڕوح لـە ئیحساسـاتی تاکـەوە دەگاتـە عەقڵـی گشـتگیر، بـەڵام فینۆمینۆلـۆژی ئەمرۆکە زیاتـر دەرخـەری میراتـی هـزری (هۆسـێرل) ــە، لەخۆگری شـرۆڤەی سـووژەکانی ئەزموونـە، کـە خۆیـان بـە مەبەسـتی تێگەیشـتن و فـام دەردەخـەن.

ڕاسـتییەکەی چەمکـی فینۆمینۆلـۆژی بەگشـتی، بەمانـای خوێندنـەوەی توخمەکانـی هـەر ئەزموونێکـی مومکینـە. فینۆمینۆلـۆژی توێژینەوەیەکـە لەمـەڕ فۆرماسـیون و پێکهاتـەی ئەزمـوون و ئاگایـی مـرۆڤ، ئەمـەش حەولێکـە بـۆ تیشـک خسـتنە سـەر دەرکەوتـەکان، یـان دەرکەوتنـی دیـاردەکان لەنـاو چوارچێـوەی ئەزموونـی مرۆڤـدا، بـە واتایەکیتـر تیشـک خسـتنە سـەر ئـەو ڕێـگا و شـوێنانەیە کـە دەرکەوتـەکان ئەزمـوون دەکرێـن و لـە ئەزموونـی مرۆڤـدا مانـا پەیـدا دەکـەن.

## فینۆمینۆلۆژی شیعری گۆران

تێگەیشـتن لـە گـۆران و فامـی شـیعری گـۆران وەک جیهانێکـی زەینـی و مەعریفـی، نالوێـت مەگـەر لـەوە تێنەگەیـن کـە گۆران لەنـاو چەقـی ئاڵوگـۆڕی لـە نیزامـی مەعریفەتناسـی کـوردی ژیـاوە، واتـە لـە هەڕەتـی چەکـەرە و چـرۆی دەرکەوتنـی کـورد وەک سـووژەیەکی سـەربەخۆ و حەولـەکان بـۆ خۆبنیادنـان، خۆپێناسـەکردنی کوردانـە و سـەربەخۆیان کـە بووەتە هـۆکاری ئاڵوگـۆڕی سیاسـی، کولتـووری و مەعریفـی کوردسـتان، سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـتەمە کـە کـۆڕ و کۆمەڵـە کوردییـەکان لەلایـەک مۆدێرنیتـە دێننـە کوردسـتان و لەلایەکیتـر کـە خەریکـە تێگەیشـتوویی و ئاگایـی سوبژێکتیڤیسـتانە لـە کوردسـتان پـەرە دەسـتێنێت، کوردسـتان لـە نـاو ئێـران، تورکیـا، عێـراق و سـوریادا دابـەش دەبێـت، گـۆران لەنـاو ئـەم گەرمـەی شـەڕی بوونخـوازی و نەتەوەخوازییـەدا تێکـەڵاوی سیاسـەت و ڕۆژنامەوانـی دەبێـت، گـۆران شۆڕشـگێڕێک بـۆ دەرکەوتنـی سوبژێکتیڤیسـتانەی کـورد وەک نەتەوەیـە و پێشـەنگی سیاسـی و کولتوورییـە، هـەر بۆیـەش لـە شیعریشـدا دەبێتـە پێشـەنگی مۆدێرنیتـە و شـاعیرێکی نوێخوازی ڕەسـەن لەفـۆرم و زەینـدا.

گـۆران لـە فۆرمـدا شـیعر لەفۆرمـی عـەرووزی دەگێڕێتـەوە کـە فۆرمێکـی دەرەکـی و بێگانەیـە بۆ نـاو جیهانـی بڕگەیـی کـە لۆکاڵـی و کوردستانییە، لەنـاوەرۆک و زەینـدا گـۆران زایەڵـەی ژینگـەی کوردسـتانە، سروشـت و ژینگـەی ژیـان دەبنـە توخمەکانـی وێنـای شـاعیرانە و شـیعر لـە جیهانـی ئینتزاعـی و عیرفانـی کە دەرەکی و ناکوردستانییە ڕزگار دەکات: بـۆ وێنـە شـیعری جـادە چـۆڵ و سـێبەر بـوو، یەکێـک لـە شـازترین شـیعرەکانی گـۆران –ــە، وێنـاکان سروشـتی، زینـدوو، مەلمـووس و ڕوونـن. توخمەکانـی پێکهێنـەری وێناکانـی ئـەم شـیعرە بـۆ هەمـوو تاکێکـی کورد دەشـێ ئەزموونکراو بێـت، کـۆی گشـتی شـیعرەکە تابلـۆی شـیعرێکە کـە هەڵقـوڵاوی ژینگـەی ژیـان و کۆمەڵایەتـی کوردسـتانە، ئـەم ژینگەیـەی کـە لەنـاو شـیعرەکەدا ڕەنگـی داوەتـەوە، تەنیـا مۆرکی کوردسـتانی بەسـەرەوەیە و لە هیـچ جوغرافیایەکی تـری ئـەم جیهانـە ناچێـت:

**جادە چۆڵ و سێبەر بوو، کاتی بەیانی،**

**ئەڕۆیشتم خەیاڵاوی ئەمروانی:**

**بۆ سەوزایی دەورپشتم، بۆ ئاسمان**

بۆ شاخی بەرز، خانووی تازە، دنیای جوان
ئەڕۆیشتم بە ئەسپایی، کش و مات،
لاشە سست و دڵ کەیلی تاسە و ئاوات!
لەپڕ، نازانم چۆن سەرم هەڵبڕی
بەرانبەرم بەژنێ دەرکەوت وەک پەری!
لەگەڵ ئەوەی لە عاباوە ئاڵا بوو،
لە دیمەنی شیرینی ئاشکرا بوو،
باڵابەرز و بچکۆلەپێ و ئیسکارپین
گۆرەوی و پووز: سفت و سپی و ئاوریشمین!
ئەڕۆییم و دزەی نیگام جار جارێک،
لە ژێر عابای ڕەشا ئەیدی نازدارێک:
بە ڕەوتی کەو، لەنجەی تاوس و قومری
گورج گورج، جوان جوان ئەهات و جادەی ئەبڕی
مابووی بگاتە عاستم چەن هەنگاوێ،
درزێ کەوتە پەچە و دیم نیگای چاوێ،
دەست و پەنجە و مەچەکێک و نیگایەک
چی بنووسم؟ خوایە هێزی ئینشایەک!
قۆڵ و مەچەک ساف و سپی وەک شووشە،
سەرپەنجەکان یاقووتێک بوون بە ورشە،
بێینە سەر چاو: چاوێک، بڵێم چ چاوێک؟
کانیی سیحر، دەریای عیشوە، گێژداوێک،
کەوا کەوتە بەر شەپۆلی هەستی من،
لەو ڕۆژەوە هەر نوقم ئەبێ بەرەو بن!

گۆران لە شیعری پاییز پاییز، هەوری پاییز و گوڵی خوێناوی و...تاد، دەروەستی و ڕەسانەتی کوردانەی خۆی هەم لە فۆڕمدا و هەم زەیندا نیشان دەدات، گۆران هیچ کات لەشیعردا حەول نادات خۆ لە دەروونی ئاگا و نابەئاگای کوردانەی بدزێتەوە، سەرکوتیان بکات، گۆران بۆ شیعر و بۆ کورد شاعیرە و کورد و کوردستان وەک جیهانێکی زەینی لە شیعرەکانیدا قەڵبەزە دەدات. گۆران لە



**سوارە**

شیعرەکانیدا عەوداڵ و هەڵوەدای توخم و وێنای دەرەکی نییە و لانی کەم حەول نادات وێنەی سواو و داهێنراو دووپات و چەندپات بکاتەوە، ئەمەیە کە وادەکات کاتێ ڕووبەڕووی گۆران ڕابوەستی لەگەڵ شاعیرێکی نوێ ڕووبەڕوو بیت، هەست ناکەیت پێشتر دیتووتە، خوێندووتەوە و چەندپاتە نییە بۆت.

## فینۆمینۆلۆژی شیعری سوارە (خەوەبەردینە وەک نموونە)

کەڵک وەرگرتن لە شێوازی توێژنەوەی دەرکەوتەناسانە، واتە میتۆدی دەرکەوتەناسی، بەمانای شرۆڤەی دەرکەوتەکانە، ئەم جۆرەی کە لەکات و ژینگەیەکی تایبەتدا لەلایەن مرۆڤەکانەوە دەرک دەکرێن و فام دەکرێن. ڕاستییەکەی شێوازی دەرکەوتەناسی حەولێکە بۆ تیشک خستنە سەر پێکهاتەی ئاگایی، چوارچێوەی مانا و شرۆڤەی ژینگەی ژیان و چاخی ژیانی مرۆڤ وەک ئاگایی و فامی مرۆڤ لەڕێی هەڵسوکەوت، پێوەندی ڕاستەوخۆ و

تێکەڵاوی لەگەڵ جیهانی عەینی. بێگومان شیعر دەرکەوتە و دیاردەیەکی زەینی و دەروونی مرۆڤە کە لەچوارچێوەی وشەدا دەردەکەوێت، دەشێ بگوترێ کە شیعر چوارچێوەیەکە کە لە هەناوی خۆیدا فۆرمێک فام، ئاگایی و تێگەیشتوویی وەک حەقیقەت پێگەیاندووە و لەڕێی فینۆمینۆلۆژیدا حەول دەدرێت چۆنیەتی بەرهەمهاتنی ئەم حەقیقەتە و دەرکەوتنی ئەم حەقیقەتە تیشکی بخرێتە سەر.

بناغە و بنەمای ئەم شێوازە لە شرۆڤەی شیعردا ئەمەیە کە هەر کە فام، یان ئەزموونێکی مرۆیی لە بنەڕەتدا بە مانای ئاگایی لەو ئەزموونی دیاردە، یان دەرکەوتەیەکە، واتە ئاگایی و فامی مرۆڤ هەموو کات لە ئۆبژەیەکڕا سەرچاوەی گرتووە، بۆ وێنە ئەگەر من دەبینم هۆکارەکەی ئەمەیە کە درەختێک، چیایەک، مانگێک، ئەستێرەیەک لە دەرەوەی چاوەکانی من بوونیان هەیە، ئەوجا من بواری دیتنیان پەیدادەکەم، لە شیعریشدا هەر بەم شێوەیە کە خەیاڵی شاعیرێک، یان بەرهەمی پێوەندی ڕاستەوخۆی شاعیر و ئەزموونی ڕاستەوخۆ و دەستی یەکەمی شاعیرێکە لەگەڵ ئۆبژەیەک لەدەرەوەی جیهانی زەینی شاعیر، یان ئەوە کە شاعیر ئەزموونی شاعیرێکیتر دووپات دەکاتەوە.

دوو چەمکی سەرەکی کە چوارچێوەیە پێگەیاندنی فام و تێگەیشتووی سوارە «خەو» و «بەرد»ینەیە، شاعیر لەڕێی لێکهاڵاندنی ئەم دوو چەمکە، حەقیقەتێک وەک دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی، سیاسی و کولتووری دەخولقێنێت، بەڵام سوارە بۆ بیناکردنی ئەم حەقیقەتە کەڵک لە کەرەستەگەلێکی کولتووری ناو کۆمەڵگە وەردەگرێت، دیاردەگەلێکی ڕەسەنی کوردەواری کە هەموو دەست بەدەستی یەک دەدەن و وێنایەک دەخولقێنن:

**لە چەشنی گەرووی کەو**
**کەوی دۆمی یەخسیری زیندانی داری**
**پڕی سەوزە بەستەی خرۆشانی باڕی**
**تەرەی باوەشی تاسەباری بناری**
**شەپۆلی لە گوێن خوێنی شەرمی کچانە**
**لەسەر ڕوومەتی ماتی بووکی ڕەزاسووک**
**بە تینی بتاوێنی ڕوانینی زاوا**
**گەرمتر لە پرشنگی تاوی بەهاری**
**وەکوو نەرمەهەنگاوی لاوی بەرەو ژوان**
**لە جێ ژوانی زیندوو بە گیانی کچی جوان**
**وەکوو گەرمەیاوی قەشەی دەستی تاراو**
**لە بژوێنی دەریای بلوورینی بەروێ**
**بەخوڕ خۆ بە دیواری کێوا ئەدا ئاو**
**لەگەڵ گاشەبەردا سەر ئەسوێ سەر ئەسوێ.**

***

**کچی نوور قەتیسی دەسی دێوی کێوە**
**لە ئەنگوستەچاوی دڵی خێوی کێوا**
**بەرەو دەر، بەرەو شاری دەریا بەڕێوە.**
**گەرووی ویشک و چاوی سپی چاوەکانی**
**دەرووی ڕوونی ئاوە**
**بە فانۆسی ئەستێرە بەرچاوی ڕوونە**
**لە بەرپێی حەریری کەوەی سێوەڕە**
**بە پۆی مانگەشەو چندراوە.**
**ئەڵێی بورجی خاپووری مێژووی لەمێژین**
**لە درزی هەزار خشتی ڕۆژ و شەوانی**
**دڵۆپەی چپەی پۆلی پەریانی دادا**
**ئەڵێی پێکەنینی کچی سەرگوریشتەی قەدیمی**
**لە ئەندامی تاپۆی وەکوو بوومەلێڵی**
**سنووری شەوی دوێنێ ئەوڕۆی بەیانی**
**پەچەی قورسی نسیانی ئینسانی لادا**

***

**ئەڵێی دەنگی شمشاڵە ڕەشماڵی دۆڵی دڕیوە**
**شەماڵی دەرەی دوورە شاری**

پشووی پڕ لە عەتری بەهاری کچی کورد
بە بلوێری شووشی گەرووی زەرد و زۆڵی
لە زەنوێری زێوی ئاژنی سای زرینگانەوەی شەو
بە خوڕ زەمزەمەی هەڵبڕیوە
بە ئیعجازی ئەنگوستی پاکی موحەممەد
شەتی نوور بە ڕووی مانگی عەرزا کشاوە
ترووسکەی برووسکەی شەوی دەم بەهاری بە هەورە
لەسەر عاسمانی زەوی ڕاخوشاوە.
لە هەر گاز و ڕێبازێ وا گازی ئاوی ئەگاتێ
نیازی هەزاران گەزیزەی بەنازی وەدی دێ
ئەبووژێتەوە داری چاکی بەودمی هەناسەی
شنەی نەرمە لاوێنی دەم بای ئەخاتێ.

***

ئەڵێن تاجی زمرووتی دوورگەی لە سەر ناوە دەریا
هەتا چاو هەتەرکا، شەپۆلە، شەپۆلە
لە بوونا لە چوونا
بە ئاهەنگە سەربەندی بزوێنی خۆشی
لەبەر خۆرەتاوا ئەڵێی سینگی ژینە ئەهاژێ
ئەڵێی: هانی هەستانە دەنگی خرۆشی
سروودی خوناوەی بەهارە لە گوێما
لە هەر شیوە جۆبارێ هەر دەشتە چۆمێ
لە دڵمایە بڕوای بەرینی بە دەریا گەیشتن
لە تاریکە تاراوگەکەم وا بەسەر چوو
زەمانی تەریکیم
ئیتر خێر و خۆشی لە ڕێما

ئەمە سێکانسی یەکەمی شیعرەکەیە، سوارە سەرەتا لەڕێی گێڕانەوەی دەرکەوتە سروشتی و کولتوورییەکانی کوردستان حەول دەدات بەستێنێکی لەباری عەینی بۆ تێپەڕین لە دیاردەکان برەخسێنێت. سوارە لەم سێکانسەدا بە گێڕانەوەیەکی ڕۆمانسیانە دەست پێدەکات تا خوێنەر گوێ لەدرێژەی گێڕانەوەکە بگرێت و بتوانێت لەسێکانسی دواییدا حەقیقەت و مەبەستی خۆی بە گوێی خوێنەردا بچەپێنێت. سوارە هەرچەند حەسرەت لە شیعرەکەیدا قەڵبەزە دەدات، بەڵام ڕوای ڕابوردوویەکی کۆن نییە و لە ڕابوردوودا قەتیس نەماوەتەوە، تەنانەت لەبڕێ شوێندا کە پەنا بۆ دیاردە مێژووییەکانیش دەبات بۆ خزمەت بە ڕوونکردنەوەی دۆخی ئێستایە، بۆیە سوارە لە خەوە بەردینەدا شاعیری «ئێرە» و «ئێستا»یە.

سێکانسی دووەم بەم شێوەیە دەست پێ دەکات:

وەهایە:
کە کانی بەهیوا
بەهارانە لووزەو ئەبەستن بەرەو شاری دەریا
بەڵام داخی جەرگم لەگەڵ هەر بەهارێ
کە ڕائەچڵەکن سەوزەڵانی
لە خاکینە خەونی گرانا
لە دڵما خەم و داخی ئەم دەردە سەوزە:
کە دەردی گرانی هەموو ڕێبوارێ وەنەوزە.

***

لەبەر نووری خۆرا
گەلێ کوێرەکانی شەوارەن
زنەی دەم بەهاواری هاری درۆزن هەزارن
کە تەسلیمی سیحر و تەلیسمی بنارن
بەبێ هەوڵی هەڵدان و چارانی چارن
بەهیوان بگرمێنێ هەوری بەهاری
ڕەها بن
لە زیندانی بەردینی غارا.
کەچی، وا کەوی و دەستەمۆی دەستەڵاتی ڕکەی دۆڵ و شیون
لەبەر سامی ڕێ وا بەزیو و تەزیون
لەگەڵ کۆچی کردن گزنگێ،
چەواشەن لە پێچی نزارا.

***

هەتا بیری تاڵی گراوێ
بە دڵما گەڕاوە

هەتا یاد ئەکەم ئاوە بەو ورمە بەردینە کاری کراوە
ئەڵێم سەد مخابن
وەجاخێ کە ڕووگەی هەزاران نزای شینە
باهۆی بەتاسەن
وەبووژێنەوەی هەست و هان و هەناسەن
چلۆنە کە بیژووی گراوان ئەبینن
لە نێو چاوی ئەو خانەدانە
لەهی چۆنە پیتی براوە؟
نە سۆزەی بلاوێنی میری، خوناوەی بەهاری
نە تووکی برای ڕێبواری
لە کاسی خەوا، فێری ڕاسانی ناکەن
لە مانا، بە ئامان و بریا
پەشیمانی هەرمانی ناکەن
وەهاگەی لەشی بەوگە بەردینە گاوی دراوە
کە حێلێکە، کۆڕژن و حیلەی نەماوە
وەهایە کە هەر گیایە لەو دەشتە شینن
لەسەر ماتەمی ئاوە بەردینە، سەرشین و سەرگەرمی شینن
***
گەلێ گۆلە لەو چۆلە یەخسیری خاکن
بە ڕوویا گەڵا وەک چەمۆڵەی کلۆڵی وەریون
گەمارۆی زەلی نێزە، وا تەنگی پێ هەڵچنیون،
کە بێ دەرفەتی پێکەنینن بەسەد بەرزگی زەردە ماسی
لق و پۆپ و هەشگەڵ
وەها دەور و پشتی تەنیون
کە بێ فرسەتی چاوەبرکێ
لەگەڵ عەرشی پاکن
***
هەتا جۆگە ئاوێ بە وشکی دەبینم
ئەڵێی مێرگی ڕوخساری کیژێکی کاڵ و مناڵە
بەکووزی تەمەن جارەجوانێکی پڕ خەوش و خاڵە،
تەشەندارە جەرگی برینم.
بەڵێ: دوورە گەرمێنی دەریا
بەڵێ: وایە کانی هەژارن
ئەزانم
ئەوانەی کە پاراوی ئاون بژارن.
ئەزانم لە ڕێگا،
مەترسی گەلێ ژەنگ و ژارن.
بەڵام کاکە ئەو گشتە عەقڵی خەسارن
لە ناو ئەو هەموو ئاوە هەر چاوەیەک
باوی هەنگاوی خۆشە
بە تەنیا ئەوە شارەزای کۆسپ و کەندالّی ڕێیە
هەوەڵ مەنزڵی زێیە، ئاواتی بەرزی زرێیە
ئەزانێ لە هەڵدێرە هانی بەهێزێ
لە ئەسکوند و چاڵایە هەڵدان و گێژێ
پەرۆی شینی سەرشانی دەریایە ژینی کەرێزێ
ئەزانێ لەپێ ناکەوێ پێیە پێڵاوی تاسەی پیاسەی لە پێ بێ
نەوەستان دەوەستێ بە دەستێ
کە خاراوی ئێش و سواوی سوێ بێ
لە هەر شوێنێ ڕاماوە، داماوە، کاری تەواوە
ئەزانێ ئەبێ هەر بژێ و باژوێ، تا بژی تا بمێنێ
هەناوی بە هەنگاوە، نەسرەوتنە کوولەکەی ڕووحی ئاوە.

سوارە کە لەسێکانسی یەکەمدا دیاردە سروشتییەکان لە چلۆنایەتی مرۆیی گرێدەداتەوە و ئەم ڕەوتە لە سێکانسی دووەمیشدا هەر بەردەوام دەبێت، بەڵام لە سێکانسی دووەمدا سوارە بە دەرخستنی بەرە بەرەی مانای مەبەستی خۆی لە کۆمەڵگە، کات و سەردەمی ژیانی خۆی ئەو فام و ئاگاییەی کە بەرهەمی کەڵکەڵەی زەینی خۆیەتی وەک حەقیقەت ڕوودەکات و بۆ خوێنەری دەخاتە ڕوو.

خەوە بەردینەی سوارە تابلۆیەک لە ژینگەیەکی کوردانەیە، زایەڵەی نۆستالۆژی و تاسەی شاعیرێکی

هەڵدێردراو لە باوەشی خۆشییەکانی منداڵی و تازە لاوی، حوزنی مرۆڤێکی بێزار لە گوزار، ئاوێنەی باڵانوێنی مرۆڤێکی سووژە، خرۆشانی سوبژێکتڤیزم لە شیعردا و چوارچێوەی ئەزموونێکی سەربەخۆیانە و ڕاستەقینەی شاعیر نە لزوومەن لە فۆڕم چوارچێوەیەکی فۆرمالیستانەدا کە لە ئەزموونی زەینی و زەینێکی کوردانەی سەربەخۆیانەدا.

خەوە بەردینە شیعرێکە پڕ لە ئیماژ. نەخشی ئیماژ لە شیعری خەوە بەردینەدا بنەڕەتییە، ڕاستییەکەی چوارچێوەیەکە کە لەودا ڕەوتی زەینی شاعیر و ئەزموونەکانی ئەو وەک لێکەوتەی پێوەندی سوارە دەگەڵ ژینگە دەردەکەون، بە هەر ڕێژەیەک لەو ئیماژانە (چوارچێوەیانە) دەڕوانین لۆکاڵیتر دەبینرێن، پێوەندی زیاتریان دەگەڵ ژینگە و سروشتی ژیانی شاعیر هەیە و زایەڵەی ژینگەی کۆمەڵایەتی شاعیرن، بۆیەش شاعیر لە فۆڕمی سوبژەیەکدا دەردەکەوێت، خوڵقێنەرێکی سەربەخۆ و بکەرێکی ناسکارە کە مانا بە ژینگەی خۆی دەبەخشێت، لایەنەکانی وێناکانی دەرەکی و بێگانە دەگەڵ ژینگەی خۆی نین، خۆی ئەزموونی کردوون، لە قاڵبی زەینی داون و داڕشتوون. ئەوەیە کە سوارە دەکاتە شۆڕەسواری شیعری نوێ و بە مانای ڕاستەقینە مۆدێرن، چون خەوە بەردینە تەنیا فۆڕمێکی ڕواڵەتی نوێ نییە، بەڵکە جیهانێکی زەینی، ناوەرۆکێکی ئەزموون کراوی سەربەخۆیانەی سوارە و بەتەواوەتی لۆکاڵییە. سوارە وەک سوبژەیەک ئەزموونەکانی خۆی سەربەخۆیانە دەخاتە قاڵبی شیعرەوە، بۆیەش شاعیرێکی مۆدێرنە و خەوە بەردینە شیعرێکی مۆدێرنە، ڕاستییەکەی هەموو دیاردەکانی ئەم شیعرە وەک کەرەستەیەک لە خزمەتی سوژە بوونی شاعیر دایە.

شیعر بۆ سوارە بەستێنێکە کە لەودا ئەزموونەکانی ژیان و ئەزموونی پێوەندییەکانی لەگەڵ ژینگە دەگاتە ئاگایی، فام و تێگەیشتن وەک دەرکەوتە (فینۆمینۆ). سوارە لە شیعری خەوەبەردینەدا کوردە، نە بەو مانایەی کە بە کوردی شیعری گوتووە، بەڵکە بەو مانایەی کە توخمەکانی وێنا و خەیاڵ لە شیعرەکانی کوردانەن، زایەڵەی ژینگەی سروشتی و کولتووری کوردستانە، مانایەکی کە سوارە لەڕێی بەخزمەت گرتنی توخمە سروشتییەکان بە سروشتی دەبەخشێت، مانایەکی کوردانەیە، سوارە لە خەوە بەردینەدا سوبژەیەکی کوردییە.

سوارە مانا لە کەس وەرناگرێت، ڕەنگە لەژێر کارتێکەری فۆڕمی دابێت، بەڵام لە مانادا لە دەرخستنی فام وەک حەقیقەت سەربەخۆیە، کوردانەیە و کوردستانییە، بۆیە سوارە پێشەنگە نە لە شکاندنی فۆڕمدا کە لە سوبژە بووندا، لە دەرخستنی فامی سەربەخۆیانە وەک حەقیقەتێکی تەواو کوردانە. ژینگەی مانایی، ئاگایی و حەقیقەت لە شیعری خەوەبەدرینەدا کوردستانە، سوارە بە موو لە کوردستان دەرناچێت و وەفادار بە کوردستان دەمێنێتەوە. دڵەڕاوکێی سوارە کوردستانێکی لەژێر تەوژمی داگیرکەر دایە، دەسەڵاتی کولتووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی فارس بەسەر کوردستاندا و خەوێکی قورس کە تاکی کورد خەریکە لە کوردایەتی دادەبڕێت.

سوارە لە خەوەبەردینەدا دڵ بە دەریا «سوژەبوون، یاخی بوون، خۆبنیادنان و خۆڕانان» دەبەخشێت و بەرەو ڕەها بوون، دەرچوون لە دەستکرد و دەستەمۆ بوون هەنگاو دەنێت، سوارە بە خەوە بەردینە و لەپاشان بە شیعری شار خۆزگە و حەزی خۆی بە سوبژە بوون و بێزاری لە ئوبژە بوون، دەستەمۆبوون و دەسکرد بوون دەردەبڕێت، سوارە سیمبۆلی سوژە کوردییە،

سواره بنەمای شیعری مۆدێرنی کوردییە لە زەین و ئەگزیستێنسدا.

## فینۆمینۆلۆژی شیعری عەبدوڵڵا گولابی «هونەر»(شیعری دەنگ وەک نموونە)

ڕادیکالیزەبوونی بەستێنی کولتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستان لە شۆڕشی چەکداری ٤٦-٤٧ ڕا و لەپاش شۆڕشی گەلانی ئێرانیش هەڵگیرسانەوە و پەرەی بەربڵاوی شەڕی چەکداری چەند دیاردەی لە شیعری کوردیدا بەدی دێنێت، بەرەیەک شیعر دەکەنە چەکی شۆڕش و دەیخزێننە پاڵ شۆڕشی نەتەوەخوازی کوردستان لە ڕۆژهەڵات، ئەم بەرەیە زۆر بەهێزترە و ئەدەبی بەرگری و بەرخۆدان هەژمۆنی ڕەهای هەیە، بەرەبەرە کە شۆڕشی چەکداری کەمڕەنگتر دەبێتەوە، بەتایبەتی لە دەیەی حەفتاڕا چەمکێکی نوێ لە ئەدەبی فارسڕا کە وەک پۆست مۆدێرن باسی لێوەدەکرێت، دێتە ناو ئەدەبی کوردی لە ڕۆژهەڵات. ئەم دوو بەرەیە تەواو لە بەرەی جیاوازدا ڕادەوەستن و بەگژ یەکدا دەچنەوە، بەرەی شیعری نەتەوەخواز ماناخوا، فۆڕمخواز، مۆنۆلۆگ و گشتگێڕەوەیە، لەبەرانبەردا شیعری پۆست مۆدێرن تەواو دژەی ماناخوازی، فۆرمشکێن، پۆلیفۆن، دژی گشتگێڕانەوەیە. لەناو ئەم گێژاوەدا هونەر لەگۆشەیەکی جیاواز و بێدەنگ خەریکی ئەزموونی شیعری خۆیەتی و خەریکە ئەزموونی ئاگایی و زەینی خۆی دادەڕێژێت، هونەر زایەڵەی دابڕان لە پەرەی سوژەی کوردی، پەرەی نیزامی مەعریفەتناسی کوردانەیە، هونەر پردێکە بەرەو سوارە و جیهانی سوبژێکتیڤیزمی کوردی لە شیعردا، هونەر لەشیعردا، بەتایبەتی لە کۆتا بەرهەمیدا وەفاداری خۆی بە توخمەکوردستاناکانی ئیماژی شیعرەکەی، سوژەی کوردی و ڕەسەنایەتی لەگێڕانەوەی واقیعی کێشە و تەنگژەکانی کۆمەڵگەی کوردیدا نیشان داوە.



عەبدوڵڵا گولابی

**تۆزی بەسەر کتێبەکانی خۆمدا نیشتووم**
**بێکار تاکوو خاڵی ماگزیمۆم دانیشتووم**
**ئێژم بڕۆم، بڕۆم، بڕۆم،،،،،،،، دانیشتووم**
**من تا ئەبەد بە خەڵوەتێکی تۆکمەوەم چەسپاو**
**نیسکافەیەک بە مەغریبی  وەتاغدا ماوم**
**سیگارەکەم کە سینگی ساتەکانی فووداوم**
**دووپاتەیەک لەبن هەواڵەکانی  (ڕووداو)م**
**شاهۆ ئەمین بەسەر ڕەوانما دەنێ هەنگاو**
**شایەد وەکوو هەموو کەسێ ئەسیری بێوازیم**
**شایەد فەقەت منم لەنێو وەتاغی ناسازیم**
**بۆ مردنم دەژیم، ئەرێ ئەرێ! وەلی ڕازیم**
**زیندووم چەلێ، لەنێو شتومەکی لەیەک هاڵاو**
**مێژووی گەنیو منم لە بارەگای خوداکاندا**
**کورووش تێمڕیا بەباوەشی ڕەزاخاندا**
**کوردایەتیم گەنی لە حوجرەدا، لە دووکاندا**
**ئاوا منیان لە کفرەوە بەگانی ئیمان دا**
**ئێستا لەژێر ترەیلی هەژدەچەرخی ژوورمدام**
**جاڕز لەحاڵی خۆم لە دەردی بێسنوورمدام**
**کابووسم و لە پێخەوی تەبی حزوورمدام**
**خۆرم وەلی لە حەوزچەی شکەستی نوورمدام**
**هەڵدێنمەوە قەدەم بەسەر جەنازەکانی کات**
**خوێن دەمگرێ لەنێو شەهیدە تازەکانی کات**

**تێپەڕ دەبم لە کۆترە لانەوازەکانی کات**
**دوور دەبمەوە لەجووڵەیەک دەحەددی ئیمکاندا**
**وەختی وەتاغ بە چەرخ و پێچی ساعەتا دەڕمێ**
**کوولێرەکە هەوای نوێ دەڵێتەوە، خۆشە.**
**بێدەنگییەک هەرادەکەم: بڕۆ بڕۆ لێرە**
**جوابم دەوێ لە بوونم و حەیف کە خامۆشە**
**ئاوا دەبم لەپشت هەزار ویستی بێگیاندا**
**دەستی درێژی سێبەرێ بەڕۆچنەدا دەخزێ**
**نامووسی ڕۆژ لەپێی شەوێکی تۆخ دادەڕزێ**
**دەنگم دەدەم بە نوێنەرێ وەتاغەکەم بدزێ!**
**بەڵکوو تەواوی بێ ئەوی هەمە لە وێراندا**

هونەر توورەیە، بێزارە، دەستەوەستانە و یاخییە، هەموو ئەو دیاردانەی کۆمەڵگەی کوردستانی تا ملان ئاخنیوە، هونەر دەرخەری فۆڕمێک ئاگایی و مەعریفەتناسێکی ڕەسەنە، دەست بۆ ئەزموون و ئاگایی ئەزموونکراوی دەرەکی نابات، ئیماژی بێگانە و دەرەکی دووپات ناکاتەوە و توخمەکانی بۆ هەموومان مەلمووس و ئەزموونکراون. هونەر زایەڵەی تەنگژەیە، چونکە بەرهەم و منداڵی کۆمەڵگەی تەنگژەیە، هونەر ئاگاییەکی ڕاستەقینە و ڕێئالە، نە ئیدەئالە و نە کاروانکوژە. من بە ئاگایی و فامی هونەر دەڵێم ئاگایی و فامی بەتاڵ، ڕەنگدانەوەی وێرانی کۆمەڵگەیەک، کۆمەڵگەیەکی بەتاڵ لە ئاگاییەکی سەربەخۆیانە و بێزار لە ئاگایی و فامی بێگانە، ئەمە بێئاگایی و بێفامی نییە، بەڵکە فۆڕمێک لە ئاگایی و فامە کە هێشتا فام و ئاگایی خۆی بەرهەم نەهێناوە، بەڵام فام و ئاگایی بێگانەشی وێران کردووە. دەشێ بەم فۆڕمە بگوترێ ئاگایی و فامی بەتاڵ، هونەر دەروەست و بەرپرسە لە تیشکخستنە سەر ئەم بەتاڵییە، بۆیەش ڕەسەنە، ئێرەیی و ئێستاییە. هونەر بە مانای ڕاستەقینەی وشە لە چوارچێوەی چەمکی داهێنراوی «دازاین»ی هایدگەر بۆ مرۆڤ دەنگونجێت، هونەر بوونێکی دابڕاو، یان لە هەڵکورماو لە دەرەوەی کۆمەڵگە نییە، هونەر لەناو جەرگ و لەناو چەقی کێشە و تەنگژەکانی کۆمەلگەدایە، توخمەکانی پێکهێنەری ئیماژی شیعری دەنگ هەم ئێستایین و هەم ئێرەیی، ئەم توخمانە زیندووترین بوونەکانی ناو کۆمەڵگەی ئێستای ڕۆژهەڵاتن، مەلمووسترین و بەرچاوترینەکانن. جیهانی زەینی و مەعریفی هونەر شتێک نییە، جگە لە جیهانی پڕ لە تەنگژەی تاک و کۆمەڵگەی کوردی لەم چاخ و سەردەمەدا.

1-klaus Schwarzw aller: Theologie order Phanomo Logie. Frwagungen Zur Methodik theologischen Verstehens. Kaiser, Munchen 1966, S.35 - 39.